ناساندن

رۆماننووسی
میسری سەنعەڵا
ئیبراهیم:

# هەردەم لە دەربڕینەکانمدا ئازاد بوومە، چونکە قەت مووچەخۆری دەوڵەت نەبوومە



و. ئا: جومعە جەباری

سـەنعـەلآ ئیـبـراهـیم نووسـەر و ڕۆمـاننووسـی مـیـسـری، سـەر بەڕەوتی چەپگەرییـە و، جـەدەلێکی زۆری لە نێوەندی ئەدەبیی مـیـسـریدا دروسـت کـردووە، بەتایبـەتی دوای ئەوەی خـەلآتی ڕۆمـانی عـەرەبیی لە سـالّی ٢٠٠٣ ڕەت کـردەوە، کە ئەنجـوومـەنی بالآی ڕۆشنبـیری دەیبـەخـشیّ. لە سـالّی ٢٠٠٤ "خـەلآتی ئیبن ڕوشـد بۆ هزری سـەربەست"ی بەدەسـهـێنا. کارەکانی ئەم نووسـەرە لەلایەکەوە پێوەندییەکی بەتینی بە ژیانییەوە هەیە و، لەلایەکی ترەوە پێوەندیی بە مێژووی سیاسیی میسرەوەیە. لە سالّی ١٩٣٧ ئەم کەڵەنووسـەرە لە قاهیرە لە دایک بووە، لـە هـەڵمـەتەکەی جـەمـال عـەبـدولناسـر دژی چەپڕەوەکـان پێنج سـالّ ١٩٥٩ تا ١٩٦٤ زیندانی کرا، بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی ڕۆمانی "لێژنـە" یە، کە لە سالّی ١٩٨١ بلآو کـرایەوە و، ڕەخنەیەکی گـاڵتـەجـاڕییـە دژی سـیـاسـەتی کـرانەوەی سەردەمی سادات.




هەروەهـا سـەنعـەلآ لە ڕۆمـانی "بەیروت بەیروت" دا، کـە لـە سـالّی ١٩٨٤ چاپ کـراوە شـەڕی ناوەخـۆی لوبنان وێنا دەکـات.. چەنـدین ڕۆمـانی تری بەناوبانگی هەیە لەوانە: "ذات – خـود، تلك الرائحة – ئەو بۆنە / کورتـەچیرۆک ١٩٦٤، نجمة اغسطس – ئەسـتێرەی ئۆگسـتس، شـرف، وردة – گـوڵێک، ئەمـریکانلی، مـذکـرات سـجن الواحـات – ڕۆژژمـێری گرتیگەی واحـات ، التلصص– چاوەدزیّ – ٢٠٠٧، العمامـة والقبـعـة – جامـانی و شـەپقە – ٢٠٠٨، القـانون الفرنسي – یاسـای فەڕەنسـی".

سەنعەلآ ئیبراهیم ناوێکە بۆ ڕەتکردنەوە دروست بووە، قژە گڤەکەی و چاویلکە خـڕ و گـەورەکـانی، کـە بـە هـاوێنـەی وردبینی گـەنـدەڵی و زڕاندنی بۆ خەڵکی ناسراوە ئەمە دەسەلمێنیّ، کاتێک ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکەی، بە خەتێکی پان و بەرین وشـەی "نا" لـە بەردەمت قـوت دەبێـتەوە و، وشـەی "بەڵیّ" بە شـەرمـەوە خـۆی دەشـارێتـەوە، لە قـسـەکـانیـدا باسـی مـەحـروومـبـوونی لە دایکی دەکـرد و، ڕقـبـوونەوە لە ناوبانگییەکی درۆ.

* میّ بە زەقی لە ڕۆمـانـەکـانتـدا دیارە، بەڕای تۆ کـامـیـان بە تواناترە لە گوزارشت لەسـەر ئافرەت، نووسـەری پیاو یاخۆ نووسـەری ئافرەت؟

– هەوڵم داوە لە ئافرەت بگەم، یاخۆ لە ڕۆمانەکانمدا پێشانی بدەم، هاوکات باوەڕم بە وتەی "ئەدەبی پیاوان و ئەدەبی ئافرەتان" نییە، چونکە هونەر هونەرە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی نووسەرەکەی، بەڵام هەندێ شت لە ژیانی ئافرەتدا هەیە هەر خۆی باشتر توانای گوزارشتکردنی لەسەر هەیە، وەک کرداری مناڵبوون.

* ئایا مەحرومبوونت لە سۆزی دایک هاندەرە بۆ گەڕانت بە دوای ئافرەت و دۆزینەوەی نەنگییەکانی لە ڕێی نووسینەوە؟

– وا بزانم ئافرەت ئەوەندە شتێکی قورس نییە بۆ ئەوی تێی بگەیت، ئەگەر لێی نێزیک ببیتەوە دەبینی ئەویش مرۆڤە، دەتوانی بە باشی بیناسی لە ڕێی ڕۆشنبیری و تێبینییەکانتەوە، من ١٥ ساڵ لە ماڵەوە بەبێ ئافرەت ژیام، ئەمەش ترسناکترین قۆناغی ژیانم بوو، کە بووە هۆی ئەوەی خۆم بەو بوونەوەرە سەیرە بناسێنم و پێوەندیی لەگەڵدا ببەستم.

* ئەی وامان لێ نەهاتووە تەماشای سێکس دەکەین تەنیا لە لایەنە مادییەکەیەوە؟

– بەڵکو لە شتێکی ئامێریدا چڕمان کردووەتەوە، ئەمەش خراپترین جۆرەکانی سێکسە.. سێکس خۆشەویستی و هەستکردنە بە بەرامبەر و تێگەیشتنە لێی، چونکە کاتێک گوڵێک لە ناو ئینجانەیەکدا بە دیاری بۆ هاوسەرەکەم دێنم، ئەمە هەڵوێستێکە گوزارشت لە سێکس، واتا خۆشەویستی دەکات، بەڵام مخابن ئەم وشەیە بەهۆی بەدحاڵیبوون لێی، ئێستە واتایەکی نەرێنیی لەلای خەڵکدا دروست کردووە، کەچی خۆی وشەیەکی جوانە ئەگەر واتاکەی بەشێوەیەکی ئەرێنی تێ بگەین، دەبێ ئەوەش بڵێم، کە ئەدەب هونەرێکە وەک جۆرەکانی تری هونەر، چونکە هیچ ئەدەبێک نییە هەستی شەهوەت بوروژێنێ.

* وەک چەپڕەوێک ناسراویت، ئایا تا ئێستەش پشت بە چارسەرییە چەپڕەوییەکان دەبەستی؟

– بەڵێ، هێشتا بە چەپڕەوی ماومەتەوە، بەڵام هەندێ شت لە چەند بەهایەکدا هەیە چەپڕەوی هانی دەدات و مرۆڤ لە قۆناغێکدا تێی دەگات، کەچی لە چەند قۆناغێکی تردا

چەند بەشێکی رەت دەکاتەوە، گرینگترین پرەنسیپەکانی چەپڕەوی، کە باوەڕم پێیەتی، پرەنسیپی "دادوەریی کۆمەڵایەتیی"یە لە نێو خەڵکدا، چونکە هەموومان بە یەکسانی لە دایک دەبین، بەڵام بارودۆخی کۆمەڵگە رێ دەداتە هەندێ کەس جیاوازتربن لەوانی تر، لێرەوە شێوانێک لە دابەشکردنی هەلەکان روو دەدات.

* پێت وانییە ئەو وێنەیەی میدیاکان بۆ چەپڕەوەکان دروستیان کرد دەورێکی گەورەی هەبووە بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵکی سڤیل لێیان؟

– بەڵێ، جۆرە تێکدانێک بۆ چەمکی چەپڕەوی بە ئەنقەست لەلایەن چەند کۆمەڵێکەوە رووی دا بۆ ئەوەی خەڵکەکە ببێت بە دژمان، بۆ نموونە ئیسماعیل ئەدهەم چەپڕەو بوو، کتێبێکی بەناوی "بۆ من بێ باوەڕم؟"ی بەرهەم هێنا، چەپڕەوێکی تر بەناوی محەمەد فەرید ئەبوحەدید بەکتێبێکی تر وەڵامی دایەوە ناوی نا "بۆ من باوەڕدارم؟"، چونکە بۆی هەیە هەر رەوتێک چەندین پلەی هزری لەخۆ بگرێت، بۆ نموونە چەندین کەسانی بێ باوەڕ دەبینین و چەندینی تری باوەڕدار لە ئاستیان دەبینین، ئەمەش کارێکی سروشتییە، بەڵام ئەوەی بەرژەوەندی لە تێکدانی وێنەی ئێمە هەبێ، بەردەوام جەخت لە لایەنە سەلبییەکانمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بیخاتە مێشکی گەلەوە.

* رۆمانەکەت "ئەو بۆنە" بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە میسر قەدەغە کرا، ئایا بە کاتێکی کوشندەی دەزانی بۆ ئەدەبی سەنعەڵا ئیبراهیم؟

– بە کاتێکی کوشندەی دەزانم، چونکە هزری من بەند کرا، هەوڵی قۆرخکردنی کرا، بەڵام بە کاریگەریی نازانم لەسەر ژیانی ئەدەبیم یاخۆ بە بەربەستێک لە بەردەم ناوبانگبوونم، چونکە ناوبانگبوون هەردەم هەڵخەڵەتێنەرە و، رێژەییە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە: ئێستە قەدەغەکردنی رۆمانێک قبووڵ ناکرێ بەهەنجەتی ئەوەی رەوشت تێکدەرە، منیش باوەڕم بەو وتەیە هەیە، کە دەڵێت "هەموو قەدەغەکراوێک داواکاری لەسەرە" ئەدەبیش تێکدەر نییە، بەڵام ئەو کەسەی خۆی ئامادەیی هەبێ بۆ تێکچوون، ئەوا بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئەدەب بخوێنێتەوە تێک دەچێ.

* ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتی نووسینەوەت بۆ رۆمانی "رۆژژمێری گرتیگەی واحات" و ئەزموونت لە بەندیخانەدا، چۆن توانیت ئەو ئەفراندنە ئەنجام

بدەیت لەو کەشەی خۆت بە خنکێنەر وەسفی دەکەی؟

– مرۆڤ ناتوانێ لە بەندیخانەدا ئەفراندن بکات، چونکە بەڕاستی کەشێکی خنکێنەر و خەمبارە، بەڵام جیاوازییەک لە نێوان ئەفراندن و نووسیندا هەیە، ئەمەش لە بەندیخانەدا لێت قەدەغە دەکرێت، چونکە خامە و کاخەزت بۆ دابین ناکەن رۆمان و جۆرەکانی تری نووسینی پێ ئەنجام بدەی، بەڵام جۆرە تێڕامانێکت بۆ دروست دەبێ بۆ ئەو شێوازە نووسینەی لە داهاتوودا پەیڕەوی دەکەی، هیچ جۆرە ئەفراندنێک لە زینداندا بەدی ناکەیت، بەڵام جۆرە خەڵوەتێکی بنیاتکار بۆ نووسەر دروست دەکات.

* تۆ وەک دژایەتیکارێکی سەرسەختی رێژیم ناسراوی، ئەمەش بووە هۆی پەراوێزخستنت لە میدیاکاندا، ئایا پەراوێزخستنت سوودی بە ئەزموونی ئەفراندنەکانت گەیاند؟




– بێگومان، چونکە قەت مووچەخۆری دەوڵەت نەبوومە، بۆیە هەردەم لە دەربڕینەکانمدا ئازاد بوومە، بۆیە بوونم لە نێو میدیاکاندا هیچ بایەخێکی لەلام نەبووە، نووسەر دەبێ لە ئاست رێژیمی ستەمکاردا هەڵوێستی بەرهەڵستکاری هەبێ، ئەنجامی سروشتی ئەم کارەش پەراوێزخستنی نووسەرەکەیە لەلایەن رێژیمەکەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە یارمەتی نووسەرەکە دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئازادانە و بەبێ کۆتەکانی چاودێریی بنووسێت. نەمانی ترسیش لە دەسەڵات وات لێ دەکات بە جورئەتەوە بنووسی.

* دەڵێن ئەدەبی تۆ راستەوخۆیە، ئەی تۆ چ دەڵێی؟

– من لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم، چونکە ئەوە وشەیەکی بریقەدارە، بۆ نموونە ئەگەر رۆمانووسێک بابەتێکی سیاسی نووسی، ئایا دەتوانین پێی بڵێین ئەو نووسەرە ئەدەبێکی راستەوخۆ دەنووسێ؟ گرینگ ئەوەیە بزانین چۆن بەکاری دەهێنێت و دەیکات بە راستەوخۆ یاخۆ ناڕاستەوخۆ.

* بەڵام لە ڕۆمانەکەتدا "شەرەف" واقیعت بەشێوەیەکی شۆکەوە لە ڕێی زاراوەکانەوە گواستەوە، ئایا سنوورێک بۆ ئەوانەی واقیعی و ڕاستەوخۆن یاخۆ ئەوانەی ئەدەبین دانانێی؟

**هیچ جۆرە ئەفراندنێک لە زینداندا بەدی ناکەیت، بەڵام جۆرە خەڵوەتێکی بنیاتکار بۆ نووسەر دروست دەکات.**

– ئەمە شێوازی منە لە نووسیندا و لە سەرەتاوە ئەم شێوازەم هەڵبژاردووە، هەردەم ڕەخنەم ئاراستە کراوە لە لایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە، گوایە نووسینەکانم هیچ ئەدەبێکی تێدا نییە، سەرەڕای ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانم وەری دەگرن، ئەمەش بۆ ئەو وێنا کۆنەوە دەربارەی نووسەر لە لای خوێنەرەکە دروست بووە، کە دەبێت وشەی وا بەکار بێنێت تەشبیە و زیادەڕۆیی تێدا بێت، منیش ئەم جۆرە نووسینەم بە دڵ نییە، بگرە من واقیع دەگوازمەوە بەبێ ئەوەی لە ڕێی تەشبیهاتەوە فەلسەفە بئاخنمە نێو نووسینەکانم.

**بەڵام ئەگەر بڕوانینە شاعیرێکی وەک ئەدۆنیس، دەبینین هەموو شتێک بەتەمومژ و عەبەسییەت رووکەش دەکات.**

* تۆ گوتت حەزم لە شیعر و کورتە چیرۆک نییە، ئایا هیچ شیعرێک یاخۆ کورتە چیرۆکێک سەرنجی ڕانەکێشاوی؟

– زۆر شیعر و کورتە چیرۆکم بە دڵ بووە، بەڵام مەیلم بە لای ڕۆمانەوەیە، چونکە تەنیا ئەو سەرنجم ڕادەکێشێت، هەر لە منداڵییەوە خولیای جیهانەکەی بوومە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە شاعیرێکی وەک ئەدۆنیس، دەبینین هەموو شتێک بەتەمومژ و عەبەسییەت رووکەش دەکات، ئایا ئەمە بە شیعر دەژمێردرێت؟ ئەم جۆرە شیعرەم پێ سەیرە! چونکە هونەر دەبێ لە زاراوەدا سادە و ساکار بێت، لە هەمان کاتدا جۆرە قووڵبوونەوەیەکی تێدا بێت.

* توانیت لە دەرەوەی میسر زیاتر خۆت بسەلمێنی وەک لە ناوەوەی میسر، ئایا ئەمەت پێ خۆشە؟

– لێرەدا دەبێت راشکاو بم ، خۆسەلماندنی من لە دەرەوە تەنیا لە رووە مادییەکەوەیە، ئەوەی مەبەستی منە ئامادەگی خۆم لە مەیدانی ئەدەبدا لە میسر بسەلمێنم و، کتێبەکانم لە هەموو شوێنێک بخوێنرێنەوە، ئەمەش زۆر دڵخۆشم دەکات و زۆریش حەز دەکەم روو بدات.

* لە گرتیگە و دەرەوەی گرتیگەدا دووچاری نامۆبوون بووی، لە کوێدا زیاتر هەستت بە نامۆیی کرد؟

– کاتێک لە گرتیگە دەرچووم. هیچ کاتێک ئەوەندە هەستم بە نامۆیی نەکردووە بە قەد ئەو ساتەی لە دەرەوەی وڵات گەڕامەوە، چونکە شتی زۆر سەیرم دەبینی تووشی شۆکی کردم.

* ئەی غەریبی نەبوو بە فاکتەرێک لەلات بۆ بینینی واقیعی میسر بەشێوەیەکی روونتر؟

– مەرج نییە بچیتە غەریبی بۆ ئەوەی وێنەکان بەشێوەیەکی روونتر ببینی، دەکرێ لە ناو وڵاتەکەی خۆتدا بیت و، هەموو شتەکانیش بە روونی ببینی. کاتێک کۆچم بەرەو عومان کرد، یەکەم شۆک بەلامەوە ئەوەبوو، کە شوێنەکە جیاوازە، بۆیە گرفتەکە لە ناخی تۆدا دەبێت، نەوەک لە ناخی شوێنەکەدا، چونکە هەندێک جار بەرەو غەریبی کۆچ دەکەی بۆ ئەوەی وێنەیەکی روونتر ببینی، بەڵام پێچەوانەی ئەوە روو دەدات، رەنگە لە غەریبیدا کەمێک هەست بە گۆڕانکاری و شتی زیاتر بکەیت، یاخۆ هەستیش بکەی ئەو شوێنە هیچ شتێکی بۆت زیاد نەکرد.

سەرچاوە:
١- کۆواری «زهرة الخلیج» ژمارە (١٤٧٦)، ٢٠٠٧
٢- تۆڕی ئەنتەرنێت